# خەڵكی كوردستان ئەگەر ڕێگای سەربەخۆیی و جیابوونەوە هەڵنەبژێرن و بەكردەوە بۆی نەیەنە مەیدان كوردستان لەسایەی سیاسەتی ئەمریكاو خۆشخزمەتی یەكێتی و پارتیدا، كێش دەبێت بۆ نێو جەنگێكی خوێناوی دینی و قەومی و تایەفەگەری

## گفتوگۆ لەگەڵ (تاهیرحەسەن) دەربارەی سیاسەتی حزب لەپەیوەند بە جیابوونەوەو سەبەخۆیی كوردستان

سازدانی: سەعید ئەحمەد

**ئۆكتۆبەر: دەمێكە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، پێداگری لەسەر ڕێگاچارەی جیابوونەوەی كوردستان و پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەكات. ئەم پێداگریە بۆچی؟ ئایا هیچ ڕێگایەكی تر نییە، جیابوونەوە نەبێت؟ بۆچی بەتایبەتی لەم ماوەیەداو دوای شكستی بوش لە هەڵبژاردنەكەی ئەم دواییەی ئەمەریكا و راپۆرتەكەی بیكەر- هاملتۆن جەختی زیاتر لەسەر خواستی سەربەخۆیی ئەكەن؟.**

تاهیرحەسەن: زیاتر لە 10ساڵ بەر لە ئێستا، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، بەمەبەستی دیاریكردنی چارەنووسی سیاسی كوردستان، ڕێگاچارەی جیابوونەوەی لە ڕێگای سازدانی ڕیفراندۆمێكی ئازادی خەڵكەكەیەوەو لە ژێر چاوەدێری ئۆرگانە نێودەوڵەتیەكاندا، خستە بەردەم كۆمەڵگەی كوردستان. ئەو ڕێگاچارەیە بۆ وەڵام دانەوە بە دووكێشەی سەرەكی كۆمەڵگە بوو. یەكەم: بۆ هەمیشە چارەسەركردنی چەوسانەوەی میللی و داخستنی هەتاهەتایی مەسەلەی كورد. دووەم: دەركێشانی كوردستان لە چاوەڕوانی و هەڵواسراوی ژیانی خەڵك، كە لەئاكامی سیاسەتی ئەمریكاو دانانی ( ناوچەی دژە فڕین) دا، ناسنامەی هاوولاتی بوونی لە دانیشتوانی كوردستان سەندبووەوەو لەچاوەڕوانیدا ڕایگرتبوون.

ئەوكات ووتمان ئەم ڕێگاچارەیەی ئێمە، یەكەمین و تەنانەت دووەمین ڕێگاچارەشمان نیە. ووتمان ئەگەر شۆڕشی كۆمەلایەتی چینی كرێكاری عێراق ئاسۆیەكی نزیكی بۆ ڕزگاربوونی كۆمەڵگە لە تەواوی نایەكسانیەكانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری لە عێراقدا نیشانبدایە، ئەوكات ڕێگاچارەی جیابوونەوەی كوردستانمان نەدەخستە پێش. ووتمان ئەگەر لەبری ڕژێمی ناسیونال- فاشیستی بەعس ڕژێمێكی سكولاری غەیرە قەومی لە دەسەلاتدا بوایە، كە تەواوی دانیشتوانی عێراقی وەك هاوولاتی یەكسان پێناسە بكردایە، دووبارە جیابوونەوەی كوردستانمان نەدەخستە بەردەم كۆمەڵگە.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، حزبی ئێمە تەواوی توانای خۆی خستە گەڕ، تا لەڕێگای ڕێكخستن و هێنانەمەیدانی بەرەی ئازادیخوازو ڕادیكاڵی كۆمەڵگەوە، ڕژێمێكی سكولاری غەیرە قەومی و غەیرە دینی هەڵبژێردراوی خەڵك جێگای ڕژێمی لە ناوچووی بەعس بگرێتەوە. بەلام بەهۆی ڕاكێشانی كۆمەڵگەی عێراق بۆ نێو ناوەندی جەنگی جیهانی دووبەرەی تیرۆریستی جیهانی (ئەمریكا و ئیسلامی سیاسی)، سەربەخۆ لە ئیرادە و تواناو هەوڵە بەردەوامەكانی تا ئێستای ئێمە، نەك هەر ئاسۆی دامەزراندنی ئاوها ڕژێمێك دوور كەوتۆتەوە، بەڵكو كۆمەڵگە غەرقی سیناریۆیەكی وەها ڕەش و مەترسیدار بووە، كە ڕەنگە كۆمەڵگەی ئینسانی كەم بە خۆیەوە بینیبێتی. تەداعیاتی سیاسەتی سێ ساڵی ڕابردووی ئەمریكا لە عێراقدا، بەپێچەوانەی ئەوەی كە نەخشەی بۆ كێشابوو، وێڕای نابووتكردنی كۆمەڵگەو كوژرانی سەدان هەزار كەسی مەدەنی، هاوكات دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی بە شیعەو سووننەوە، كە تا پێشتر لە حاشیەی كۆمەڵگەدا لێی كەوتبوون، كردە هێزێكی گەورەی چەكدارو مەترسیدار و دەسەلاتدار، كە ئێستا خۆی بە دەستیەوە گیری خواردووە. ڕووداوەكانی سێ چوار ساڵی ڕابردوو، قڵشتی دابڕانی كوردستانی لەگەڵ باقی ناوچەكانی تری عێراق هەرچی قووڵتر كردووەتەوەو تەنانەت بەكردەوە كردوونی بە دوو كۆمەڵگەی جیا لەیەك، كە هیچ شتێكیان، چ لەباری سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووریەوە، چ لەباری فەرهەنگی و مەشغەڵەی خەڵكەوە لەیەكتری ناچێت.

ئەوەی كە مەسەلەی جیابوونەوەی كوردستانی ئێستا زیاتر لە هەر كاتێكی تر كردۆتە كارێكی لە دواخستن نەهاتوو، پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسی وداگیركردنی دەسەلاتیانە لە مەركەز وبەپشتیوانی یەكێتی وپارتی هەوڵدانیانە بۆ لكاندنەوەی كوردستان بە دەسەلاتی مەزهەبی و تایەفەیی تیرۆریستی خۆیانەوە. ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە عەرەب نشینەكان ڕاستەوخۆ ڕاكێشانی كوردستانە بۆ نێو جەنگێكی تیرۆریستی قەومی وتایەفەیی، كە خەڵكی عێراق و كوردستان هیچ ئیرادەو بەرژەوەندیەكیان لە هەڵگیرساندنیدا نیە.

بۆیە بە كردەوە تەنیا ڕێگا چارەیەكی كارساز وعادلانەو خێرا مابێتەوە، ئەوەیە كە كوردستان لەڕێگای ئیرادەنواندنی خەڵكەكەیەوە لە ڕیفراندۆمێكی ئازاددا جیاببێتەوەو دەوڵەتێكی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی پێك بێت. من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەم فرسەتە ئاخرین فرسەتەو نابێ خەڵكی كوردستان بهێڵن لە ژێر هیچ بەهانەیەكدا لەدەستیان بچێت. جەختی لە هەركاتێك زیاتری ئێمە لەسەر سەربەخۆیی بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: وەك وتم، زیاتر لە دە ساڵە جیابوونەوەی کوردستان لە ڕێگای ریفراندۆمەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، شیعارێکی سەرەکی حزبە.. بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵە تائێستا ئەم شیعارە وەدینەهاتووە؟ گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم وەدیهاتنی ئەم شیعارە لە رابردوو و ئێستادا چیەیەو دەبێ چۆن لابرێن؟.**

تاهیر حەسەن: بۆ بەکردەوە دەرهێنانی هەر ڕێگاچارەیەکی واقعی و ئینسانی و عادیلانەو کارساز کەلەگەڵ خواست و ئارەزووەکانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی جێگایەکدا سازگار بێت، تەنیا ڕاستی و دروستی و واقعی بوونی ئەو ڕێگا چارەیە بەس نیە. تەواوی کۆمەڵگەی ئینسانی هەموو ڕۆژێك بە لاشەی ماندوو هیلاکیان، بەدەستکورتی خێزانیان، بەلە زیندانداندا ڕاگرتنی ئازیزانیان باجی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێگاچارەو پلاتفۆرمە وەحشیانە و پووچ وئاوەژووانە دەدەن، کە کەس قبوولّی ناکات و بەزەبری چەك وجەنگ و زیندان و فریوکاری وداپلۆسین و مەلاو مزگەوت، دەسەڵاتی بۆرژوایی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر سەری خەڵکەوە بەڕێوەی دەبەن.

هەمووما ن ئەو ڕاستیە دەزانین، تەنانەت سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتیش ئەو ئیعتیرافەیان کردووە، کە زیاتر لە 90٪ ی خەڵکی کوردستان لایەنگری سەربەخۆیی کۆمەلگەکەیانن و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئاواتەخوازن!. کەوایە وەك ئێوە دەڵێن بۆچی ئەم خواستە تا ئێستا وەدینەهاتووە؟. هۆیەکەی تەنیا ئەوەیە کە، ئەم خواستە ڕەوایەی خەڵك تائێستا نەبووە بە جولانەوەیەکی بەهێزی سەرتاپاگیری کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان، کە بەهوشیاریەوە چارەنووسی ئێستاو ئایندەی ژیانی خۆیان لە دەستی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی دەرهێنابێت و سبەینێی ژیانیان بەم ڕێگا چارەیەوە گرێ دابێت. دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەم واقعیەتە دەمانباتە سەرناسینی ئاستەنگەکانی پێشترو ئێستاو، چۆنیەتی لابردنیشیان دەکاتە کارێکی مومکین.

دوو فاکتەری زاتی و مەوزوعی دەوریان گێڕاوە لەوەدا، کەتا ئێستا بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری بۆ خواستی سازدانی ڕیفراندۆم و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە کوردستان شکلّی نەگرتووە. لە باری مەوزوعیەوە. مێژووی وەزعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتی 15ساڵی ڕابردووی ژیانی خەڵکی کوردستان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ژێر ڕەحمەتی سیاسەتی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئەمریکادا بووە، کە هاوکات ئیستیراتیژی یەکێتی و پارتیشی دیاریکردووە. ئاکامەکانی سیاسەتی ئەمریکا هەر لە ساڵی 1991ەوە کوردستانی عێراقی کردە ئۆردوگایەکی ملیۆنی ئاوارەیی بێ ناونیشان و هەڵواسراو. خەڵکی کوردستانی کردە ڕیزی بێشوماری ملیۆنی چاولەدەست بۆ وەرگرتنی بەشە خۆراکی ڕۆژانەیان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش خۆراکی خەڵك وشیری منداڵان وداوودەرمانی دایە دەستی یەکێتی و پارتی. یەکێتی بوون و پارتی بوون کرایە مەرجی وەرگرتنی بەشە خۆراك و زیندوو مانەوەی خەڵك. پاشان ڕوودانی جەنگی پێنج ساڵەی ناوخۆی یەکێتی و پارتی لەلایەك و مانەوەی تا ئەوکاتی ڕژێمی بەعس و هەڕەشەی گەڕانەوەی هەموو ڕۆژەی بۆ کوردستان لەلایەکی ترەوە، سەرەکی ترین هۆکارە مەوزوعیەکانی بێ ئاسۆیی وبێ ئیشتیهایی خەڵك بوو بۆ ڕووکردنە سیاسەت و ووردبوونەوە لە ئەڵتەرناتیڤە جیاوازەکان و ڕاوەستانیان لە پەنای یەکێکیاندا کە بە قازانجی خۆیانی دەزانن. ئەم وەزعیەتە واقعی و تاڵە بواری کردەوە بۆ یەکێتی وپارتی تا دەسەلاتی خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن وخەڵکی ناچار بکەن دەسەلاتی گەندەڵیان تەحەمول بکات و ئەمڕۆ بەسبەینێ بسپێرن و لەچاوەڕوانیدا ڕایانبگرن. بەلاّم ئەمە هێشتا تایەکی مەسەلەیەکە، تایەکی تری، کەموکوڕی ئێمەو باش یاری نەکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بووە لە نێو هاوکێشە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکانی کوردستاندا، سەرباری ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن یەکێتی نیشتیمانیەوە لە تەمووزی ساڵی 2000دا جەنگێکی بەسەردا سەپێنرا و ناچار بە پاشەکشەکرا، بەلاّم ئەوە ئەو ڕاستیە کاڵ ناکاتەوە، کە هۆیەکەی هەرچیەك بووبێت، ئێمە زۆر فرسەتمان لەدەستدا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، فاکتەری مەترسی گەڕانەوەو هەڕەشەی ڕژێم لەسەر خەڵکی کوردستان نەماو هاوکات کۆمەڵگا جوڵەیەکی لاوازی ئابووری تێکەوت، هەر ئەمەش تەوەقوعی خەڵکی تاڕادەیەك بردە سەر، سکۆلاریزم و مۆدێرنیزمی کۆمەڵگەو خەڵك خەریکە لە ژێر مەنگەنەی پێشوو دێتە دەرەوەو بەشێوازی جۆراوجۆر خۆی نمایش دەکات، بێ ئومێدی خەڵك بە سیاسەتی یەکێتی و پارتی و کوردایەتی هەتا دێت قووڵتر دەبێتەوە. پەرەگرتنی بزووتنەوەی دژی گەندەڵی ڕیشەی لێرەدایە. هەموو ئەمانە ئەو زەمینە مەوزوعی و کۆمەلاّیەتیانەن، کە بوار دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی بە هێزی کۆمەلاّیەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان توانای شکڵ گرتنی هەبێت. بەلاّم بۆ هێنانە مەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەو شێوەیەی کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، بەبێ حزبێکی مەحکەمی سیاسی بەرچاو ڕۆشن و پەیگیرو ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی تایبەت بە کوردستان ناکرێت.

**ئۆکتۆبەر: چەند پرسیارێکی گرنگ لەبەردەم پرسی سەربەخۆیی کوردستانی عێرقدا هەیە، لەوانە دەڵێن: ئەم خواستە هەرچەندە جەماوەریەو خەڵکێکی زۆر دەیەوێت، بەلاّم واقعی نییەو موسیبەتی بۆ خەڵکی کوردستان زۆرترە وەك لە قازانج. هەر ئێستا ئەگەر دوو مانگ بودجەی حکومەتی هەرێم لە بەغدا**

**دوابکەوێت، وەزعی کوردستان ئەشێوێت، ئێمە چاومان لە دەستی بەغدایە، حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بە چ داهاتێك کوردستان بەڕێوە دەبات؟ لە کوردستان هیچ شتێك بەرهەم نایات، تەقریبەن هەموو کالاکان لەدەرەوەدێت، حکومەتی سەربەخۆ ناتوانێ هەر ئەم ئاستی گوزەرانەی ئێستاش بۆ خەڵکی کوردستان دابینبکات؟.**

تاهیرحەسەن: من بۆیەکەمین جارو دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا، ئەو قسەیەم لە (مەحمود عوسمان) ەوە بیست، کە لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆیدا لەگەڵ ڕادیۆی (هاوپشتی) سویددا ڕایگەیاند. منیش خۆم بەشەریك دەزانم لەگەڵ نیگەرانی سەدان هەزار ئینسانی دڵسۆزی کوردستان کە لە چارەنووسی سبەینێی کۆمەڵگەکەیان هەیانە. منیش لەسەر ئەو باوەڕەم پرۆسەی بە دەوڵەتکردنی کوردستان لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکی ئازادی دانیشتوانەکەیەوە، بێ گرێ و گۆڵ و ئاستەنگ ناچێتە پێشەوە. بەڵام بینینی گرێ و گۆڵەکانی سەر ئەم ڕێگایە وەك ئەوەی لە دنیای واقعدا هەیە، بەبێ گەورەکردن و بچوکردنەوە، کۆمەك دەکات بەناسینی کێشەکان و چۆنیەتی لابردنیان. ئەو حزب و کەسانەی کە چارەنووسی خۆیان و لەدەسەڵاتدا مانەوەی ئێستایان بەسیاسەتی ئەمریکاوە گرێداوەو بەزمانی خۆیان دەڵێن هەرگیز بۆ تەنیا ڕۆژێکیش بڕوامان بە سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، کەسانێك کە نانی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەم ڕێگاچارەیەو خواستەکانی خەڵکی کوردستان دەخۆن و هەڵسوڕاوانی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەگرن و دەکوژن. بەرژەوەندیان وا دەخوازێ کە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بکەنە پەتای تاعون لە پێش چاوی خەڵك و هەزارو یەك کۆسپ و تەگەرەی بۆ دادەتاشن!.

مەسەلەی هاتنی بودجەی کوردستان لە بەغداوە (کە مەعلوم نیە چەند دێت و چی لێ دێت)!، بەر لەهەر شتێك سێ ساڵە وەهای لێهاتووە، ئەی 12ساڵی ڕابردووی پێش ڕووخانی ڕژێم خەڵك چۆن دەژیاو ئەوان دەسەڵاتیان چۆن بەڕێوە دەبرد ؟!. لە کاتێکدا ئەو کات عێراق و کوردستان لە ژێر ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتیشدا بووا. ئەی ئەم هەموو ملیارو ملیۆنەو ئەو کۆشکانەیان بەچی و لە داهاتی چی ناوەتە سەریەك؟!. من دەپرسم بە ڕاستی چ حسابات و لێپرسینەوەو ڕاپۆرتێکی ماڵی وئامارێك لە مەسروفاتی داهاتی کۆمەڵگە کە یەکێتی وپارتی پێشتر وئێستا کردوویانە لەبەردەستی خەڵکیدایە، تا ئینسان لەسەر بناغەی بەراوورد کردنیان، بزانێت ئەگەر کوردستان جیابووەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بوو، خەڵکی توانای ژیانیان نابێت وپەشێوی ڕوودەدات؟!. خەڵکی هەموو ڕۆژێك لە ژیانی ئێستایان ناڕەزایەتی دەردەبڕن. خەڵکی 15ساڵە ئەم دەسەڵاتە نیوە جیایە تەجروبە دەکەن و بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەبێ بگوڕدرێ، بەڵام هێشتا دەسەڵات وحکومەتی هەڵبژێردراوی خۆیان لە کوردستانێکی سەربەخۆدا تەجروبە نەکردووە. بەبڕوای من ئەم جۆرە بەهانانە خاوەنەکەی پێ بزانێت یان نا، ڕاستەوخۆ کۆمەك بە مانەوەی وەزعیەتی مەترسیداری ئێستای کوردستان دەکات و ڕێگای دەربازبوونی لێدەگرێت.

بەدەوڵەت بوونی کوردستان، یەعنی گۆڕینی جوگرافیای سیاسی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتێکی تازە، کە سنووری نێودەوڵەتی وبەڕەسمیەت ناسراوی خۆی هەیە، لەنێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا بەوێنەی دەوڵەتێکی بەڕەسمیەت ناسراو کورسی و پەرچەمی هەیە، بواری کردنەوەی سەفارەتخانەی لە دنیادا هەیە، ناوی لە لیستی ئەو وولاتانەدا هەیە، کە دەتوانن لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرز وەربگرن. وەك هەر جێگایەکی تری ئارامی سیاسی لە دنیادا دەتوانێ بوار بۆ هێنان و خستنە گەڕی سەرمایەی کۆمپانیاکانی دنیا بڕەخسێنێ وگەشەی ئابووری وپیشەسازی بە خۆیەوە ببینێ. کوردستان ئەگەر ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان، دەتوانێ ئابووریەکی زۆر بەهێز تری لە وولاتێکی وەك ئوردن و سووریا هەبێت. ئەگەر لەدەستی قاچاغچیان دەربهێنرێت وبەدەستی حکومەتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بێت.

بۆیە ئینسان نابێت بۆ تەنیا ساتێکیش بوار بەم فریوکاریە بداتو لە بیرکردنەوەیدا جێگایەك بگرێت. خەڵکی کوردستان ئەگەر بە هەر دەلیلێك ڕێگای سەربەخۆیی و جیابوونەوە هەڵنەبژێرن و بەکردەوە بۆی نەیەنە مەیدان، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بن، درەنگ ناخایەنێ، کوردستان لەسایەی سیاسەتی ئەمریکاو خۆشخزمەتی یەکێتی و پارتیدا، کێش دەبێت بۆ نێو جەنگێکی خوێناوی دینی و قەومی و تایەفەگەری ناوخۆ کە ئێستا باقی ناوچەکانی عێراق دەهاڕێ. تەنانەت ئەگەر ئەم جەنگەی ئێستاش کۆتایی بێت و تیرۆریزم پاشەکشەی بەسەردا بسەپێت، کە ئاسۆیەکی وەها هێشتا دیار نیە، ئەوکاتیش خەڵکی کوردستان دەبن بەبەشێك لە عێراقیکی قەومی عەرەبی تایەفەیی و سیناریۆی ژیانی چەند دەهەی ڕابردوو لەسایەی بەعسدا، زۆر قووڵتر لەسەر ژیانیان دووبارە دەبێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئایا بەرزکردنەوەی ئەم خواستە لەمڕۆدا ناکاتە هەلپەرستیی سیاسی؟ ئێستا کوردستان بەشێکە لە عێراق، کوردستانی لێدەرچێت باقی ناوچەکانی عێراق لە ناو زەلکاوی کۆنەپەرستی دینیو مەلاو شەڕو کوشتاری تائیفیو زەلکاوی خوێندایە. کوردستان بە بەراورد لەچاو ئەم ناوچانە، ئێستا قەڵای ئەمنو ئاسایشو عەلمانیەتو مەدەنیەتە لە عێراقدا. دابڕانی کوردستان لە عێراق، یانی سەندنەوەی ئەم ناوچە ئارامو ئەم قەڵای عەلمانیەتو**

**مەدەنیەتە لە عێراقیەکان. یانی سەندنەوەی ئەم تەنها ئومێدە لە باقی عێراقیەکان. سەربەخۆیی کوردستان هەرچەندە بۆ خەڵکەکەی رەنگە مایەی ئارامیو خۆدرووخستنەوەی زیاتر لە شەڕو کوشتاری ناوخۆو کۆتایی هێنانی یەکجاری بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان بێت، بەڵام بۆ باقی خەڵکی عێراق لەدەستدانی پەناگەیەکی ئارامو تروسکاییەکی تەمەدون و عەلمانیتە.**

تاهیرحەسەن: لە کاتێکدا دەکرا ناوی (هەلپەرستیی سیاسی) بخرێتە سەر ڕێگاچارەی سەربەخۆیی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە حزبی کۆمۆنیست لەئاست کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی عێراقدا هیچ مەسئولیەتێکی لەخۆی نیشان نەدابێ، یان هیچ ڕێگاچارەیەکی بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگەی عێراق لە سیناریۆی ڕەشی ئێستا نەختبێتە پێش کۆمەڵگەو بەکردەوە هەر ئێستا لە مەیداندا نەبێت. کەسێك کە مەنشوری کۆنگرەی ئازادی عێراقی بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگای عێراق لە مەئساتی ئینسانی ئێستای چاو لێکردبێت، کەسێك کە هەر ئێستا ڕابەرانی کۆنگرەی ئازادی عێراق و هێزی سەربازیی (ئەمان)ی کۆنگرەی لە چەندین جێگای ناوچەکانی شاری بەغداو پێشوازی فراوانی لاوان و ژنان و کرێکارانی ئەو ناوچانەی لەڕابەرانی کۆنگرە بیستبێ، کەسێك ئەگەر چاوێکی لە پشتیوانی هەزاران ڕێکخراوەی جۆراوجۆری کرێکاری لە ئەمریکاو کەنەداوە تا یابان و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە کۆنگرە کردبێ. لەو ڕاستیە تێدەگات کە مەسەلەی دەربازکردنی کۆمەڵگەی عێراق لە سیناریۆی ڕەشی ئێستا، هاوشان لە پاڵ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستاندا، سەرەکیترین ئەولەویەتەکانی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق پێك دەهێنێ. بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێ، کەسەربەخۆ لە ئیرادەی ئێمەو خەڵکی عێراق و کوردستان، کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان بوون بە دوو کۆمەڵگەی جیا.

ئەوە ڕاستە کوردستان هێشتا بەشێوەیەکی قانوونی و ڕەسمی لە عێراق جیا نیە، ڕاستە هێشتا بەزۆر و سەربەخۆ لە ئیرادەی خەڵك چارەنووسی کوردستان گرێ دراوە بە یەکلاکردنەوەی وەزعیەتی ئاڵۆزی سیاسی عێراقەوە. بەڵام بەکردەوەو لە دنیای واقعدا ئێستا کوردستان وعێراق لە هەموو بارێکەوە دوو کۆمەڵگەی جیا لەیەکن ومیکانیزمەکانی چەرخاندنی هەر یەکێکیان بە تەواوی لەیەك ترازاون.

بۆیە بۆ هێزێکی سیاسی جدی کە مەسەلەی چارەنووسی هەردوو کۆمەڵگەکە سیاسەت و نەخشەو پلاتفۆرمەکەی پێك بهێنێت و دوور لە شیعاردانی بێ ناوەڕۆك، بیەوێت هەنگاو بەهەنگاو کۆمەڵگە لە دەربازبوونی یەکجاری نزیك بکاتەوە. دەبێت کێشەکانی کۆمەڵگە وەك ئەوەی هەیە بناسێت و ڕێگاچارەی دروست وەك ئەوەی پێویستە بۆ چارەسەریان بخاتە بەردەست و بۆی تێبکۆشێ. هێزێکی سیاسی سەربەخۆ لەوەی خۆی لەسەر خۆی دەڵێ چی، ئەم واقعیەتە نەناسێ و کۆمەڵگەی کوردستان بەدیار چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی گێژاوی سیاسی ئێستای عێراقەوە دابنێ، بەیاننامە دەرکردن وهەڵوێست دەربڕینی پێ لە هەوا بەنسیبی خۆی دەبێت ودەسەلات و چارەنووسی خەڵکیش بەدەست تالانچیانی بۆرژوازیە.

بەپێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیەوە کە پێی وایە جیابوونەوەی کوردستان، دەکاتە بێ بەشکردنی خەڵکی عێراق لە پشتوپەنایەکی ئارام، من پێم وایە هەر ئێستا ئەو پشت وپەنایە لەبەردەم هەڕەشەی جدیدایە. جیابوونەوەی کوردستان و بوونی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەشێك لەهاوکێشە سیاسیە ئاڵۆزکاوەکانی عێراق چارەسەر دەکات. ڕاستە خەڵکی کوردستان باجی ستەمی میللیان بەدرێژایی مێژووی زیاتر لە نیوسەدە لە عێراقدا داوە، بەڵام بە درێژایی ئەو مێژووە کێشەی قەومی کورد کێشەیەکی ئاڵۆزی سیاسی عێراق بووە. بۆیە چارەسەرکردنیشی چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی لە مێژینەی کۆمەڵگەی عێراقە. من پێم وایە جیابوونەوەی کوردستان و بوونی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی وغەیرە دینی. کاریگەری جدی دەبێت لەسەر وورەو ئیرادەنواندنی باقی ناوچەکانی عێراق، کە ئیرادە بکەن و بەپشتیوانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی عێراق و کۆنگرەی ئازادی عێراق چارەنووسیان لەدەستی جرِوجانەوەری چەقۆکێشی ئیسلامی دۆستی ئەمریکا دەربهێنن. دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە کوردستان، نەك هەر سەد ئەوەندەی ئێستا پشتیوانی بۆ خەڵکی عێراقی لە دەست دێت، بەڵکو کاریگەری خێرای لەسەر بالانسی هێزی نێوان خەڵکی عێراق و دەسەلاتی دەستکردی ئەمریکا بە قازانجی خەڵك دەبێت ولەسەرفەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان کاریگەری دادەنێ.